میدیای نەرێنی

لە قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانیدا

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی



24375

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب : میدیای نەرێنی

ناوی نوسەر : بەدر ئیسماعیل شێرۆکی

تایپ : نوسەر

چاپی یەکەم

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

چاپ : چاپخانەی بەهەست

دیزاین : شوان احمد

نرخ : ٢٠٠٠ دینار

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی :

لە ئێستادا میدیا ژیانی حەوت ملیار مرۆڤ و سەر زەوی و ژێر زەوی و بۆشایی ئاسمان و ژێر دەریا و زەریا و دەریالوشەکانی بە جۆرێک داگیرکردوە ، کە هیچ جولّەیەک بەبێ ڕاگەیاندن بەڕێوە ناچێت و بەڵکو ڕاگەیاندن چاودێری کۆی جۆڵەو سوباتی سروشت و مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات و کاریگەری تەواوی لەسەر تاک و کۆمەڵگە و فۆرمولەکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنیشی هەیە ، زیاتر لەوەش ڕاگەیاندن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر (ئاوەز) ی مرۆڤ هەیە و دەتوانێت داگیری بکات ، هەروەک چۆن ڕۆڵی لەسەر ئاراستەکردنی (خواست) ی مرۆڤەکان هەیە . ئاخر میدیا دەتوانێت گەشەی فەرهەنگی کۆمەڵگە کارابکات و ڕۆحی پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و نەتەوەیی و فەرهەنگی ، وەک پەیامە لۆژیکیەکەی خۆی پەرەپێبدات ، هەروەک چۆن دەتوانێت بەربەیانە کەلەپور و فەرهەنگ هەڕاج بکات و خەڵک سالاری و یەکتر قوبوڵکردن نادیدە بگرێت و ئارزشێکی بۆ نەهێڵێتەوە ، بەڵێ میدیا دەتوانێت ڕۆحی بەرگری لای مرۆڤەکان بەجۆرێک بەرجەستە بکات ، کە

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئیرادەی ڕوبەڕووبوونەوەیان لە بەرامبەر جەنگی دەرونی و سیاسی و سەربازی ئابووری و فەرهەنگیدا هێندە بەهێز بکات ، دوژمن و نەیار نەتوانن سنورەکانی سەروەری تێپەڕێنن ، کە بەداخەوە بەشێک لە میدیای کوردی و بەتایبەتی لە جەنگی هێزە تاریک پەرست و بێمروەتەکەی داعشدا نەرێنی خۆیان لەبەردەم ئەم پرسگەلەدا مانەفێست کرد .

بەهەرحاڵ میدیا و ڕاگەیاندن بەجۆرێک گرنگ و کاریگەرە ، کە هێزە هاوچەرخەکان لە مەجرای بونیادی دەسەلات و دامەزراوەکانیاندا ، وەک گرنگترین پایەکانی دەوڵەتسازی و دەوڵەتداری هاوشانی ئابووری بەگرنگ دەبینن .

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بچووک بوونەوەی جیهان بۆ چاوە چۆلەکەیەک لەڕێگەی تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەکانەوە کە بەشۆڕشی تەکنەلۆژی دەناسرێت بەجۆرێکە کە لە ژێرزەمینەکانەوە تاک دەتوانێت ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی ئەم جیهانە پان و پۆڕە بێت و جارێک بکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانەکان و جارێکیش کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێت ، لێرەشەوە ماس میدیا ئاسەواری کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و کایەی سیاسی دادەنێت .

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناخر یەکێک لە جەوهەریترین خاسیەتەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی ، کورتکردنەوەی کات و کەمکردنەوەی تێچون و ئاسانکردنی ڕێگایە بۆ کۆبوونەوەی بەکاربەرانی ، کە ڕۆڵی تاک لە بواری دروستکردنی بڕیاردا کارا دەکات ، سەرئەنجام ڕای گشتی بەرهەم دێنێت ، دیارە کاری ناخوندپەرست و ڕۆشنبیرانی نانیشتیمانیش بووە ، کە چەواشەکارانە ئەم ڕۆلەی میدیا تەزیفی کایەی سیاسی کوردستان بکەن و خەڵک و شەقام دژی کۆی چەمکە سیادی و ڕەمز و سامانە نیشتیمانییەکان و جوانییەکانی وڵات نەرێنیانە ناراستە بکەن .

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library